**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە: ٢١٨٤٨ لە ٢٠٢٣/١١/١**

پاڵپشت بە ماددەی (پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو و پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ی ئەنجومەنی وەزارەت و نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٠٩١) لە ٢٠٢٣/٦/٧ و ڕا دەربرینی ئەنجومەنی شووراى هەرێم بە نووسراویان ژمارە (٢٠٢٣/١٢) لە ٢٠٢٣/٨/٦ ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی هەمواری شەشەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ی خوێندنی باڵا / دیپلۆمی باڵاو ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان.**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی(ماددەی شەشەم:حوکمە گشتیەکان/خاڵی٢٠) لەڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەرو دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکان هەرێمی کوردستان ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- هەڵگرانی(بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی ئەکادیمی ) کە لە لایەن زانکۆحکومییەکانی هەرێمی کوردستان پێش ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بڕوانامەیان پێ بەخشراوە و هاوتای بڕوانامەی ماستەرن ، دەتوانن داواکاری بۆ خوێندنی دکتۆرا پێشکەش بکەن لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- هەڵگرانی(بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای دووساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی) کە لە لایەن زانکۆحکومییەکانی هەرێمی کوردستان و داموو دەزگاکانی دەرەوەی زانکۆکان بڕوانامەیان پێ بەخشراوە ، ناتوانن داواکاری بۆ خوێندنی دکتۆرا پێشکەش بکەن

٣- بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی خاڵی (١) و (٢)ی سەرەوە ، پێویستە لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لەسەر ئاستی بەشی زانستی پەیوەندار بە خوێندنی خوازیاران لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان پێکبهێندرێت بە شێوەیەک کە پێویستە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکە هەڵگری نازناوی زانستی (پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر ) بن کە پسپۆریان لە بەشی زانستی خوازیاران بێت و لە کاتی نەبوونی ستاف بۆ لیژنەکە ، دەکرێت سوود لە مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان وەربگیرێت کە ئەرکی لیژنەکە بریتی دەبێت لە بڕیاردان لەسەر جۆری بڕوانامەی خوازیاران کە ئەکادیمین یاخود پیشەیین لەسەر بنەمای ناوەرۆکی خوێندن و بڕوانامەی خوازیاران ، دواتر ئەگەر دەرکەوت بڕوانامەکە ئەکادیمیە ئەوا ناوبراون مافیان هەیە پێشکەشی خوێندنی دکتۆرا بکەن

**ماددەی (٢):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێکی پێشـــووتر لە بارەی خوێندنی باڵا ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت ئەو قوتابی /خوێندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە کاتی ئێستادا بەردەوامن لە خوێندن ، ئەوا ڕێنماییەکانی پێشوویان لەسەر جێبەجێ دەکرێت .

**ماددەی (٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت و بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوون**

لە پێنـاو ڕەخســـاندنی دەرفەتی درێژەدان بە خوێندنی بـاڵا / دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پێشکەشکارانی خاوەن هەڵگری بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی ئەکادیمی کە لە لایەن زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردســـتان پێش ســـاڵی خوێندنی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤) بڕوانامەیان پێ بەخشــراوە ، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســتی هەرێمی کوردســتان ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند

**د.ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**